
# بەیادی «شاپوور بونیاد»(*)

مەجید ڕوانجو
لە فارسییەوە: کەریم سۆفی



کەمێک زێتر بمێنییەوە
سێبەرەکەت
دەگاتە ڕۆخ پەنجەرەو
قەلەڕەش دەبینی

* * *

تۆ کەم دوو چرکە
هەوای ژوورەکە قورس دەبێت
کورسییەکان بۆنی شەو دەگرن
تەلەفۆن زەنگ لێ دەدا
مێشەکان
لەسەر مۆبیلەکان هەڵدەنیشن
دەفرەکانی میوەش
لەبیر دەکرێن

* * *

پەنجەرە بەردەوامی هەیە
تا سەری مێز
سێبەری قەلەڕەش
دەگاتە سەر کتێب و دەفرەکان

* * *

لەبیرم چوو بڵێم
ڕۆژی پێشوو
قەلەڕەشەکان
وشەکانی تۆیان جوییبوو

## شوێنێکی دی

بەر لە نیوەڕۆ
باران نەبوو
ڕێبواران قاوەیی دەچنەوە

چەترەکانی خۆشیان داخستووەو
لەسەر کورسییەکان دانیشتوون
* * *
بای نەدەهات
کورسییەکان بەتاڵ بوون
باخچە لەژێر گەڵا تەڕەکان
قاوەیی دەچووەوە
* * *
خۆرەتاو نییە
سێبەرەکان قاوەیی دەچنەوە
درەختەکان دێنە سەر شەقام
ئۆتۆمۆبێلە بێ سەرنشینەکان
پاییز بۆ جێگەیەکی دی دەبەن

**دان پێدانان**

من وای بۆ دەچم
ئەو کەسەی بەتەما نییە بێت
هەر لە وێستگەی ئەولا
چەترەکەی لەسەر کورسییەکی دار
بەجێ دەهێڵێ
جانتا و گۆپاڵەکەی بە ئێمە دەدات
تۆش بۆ باڵاخانە تاریکەکان
داوەت دەکات و
دوو شەقام ئەولاتر
ڕۆژنامە و بلیتی ئۆتۆبووسەکە
فڕێ دەداتە ناو جۆگەی ئاو
باڵاخانە گەورەکان بۆ سۆراغیان دێن
تۆ لەسەر کورسییەکی بە دەسک دادەنیشی
ئێمە قەلەڕەش دەبینین
کە ڕووبەڕوو لەسەر کورسی هەڵدەنیشێ
بیر لە باڵندەیەکی دی دەکاتەوە
کە دوو چرکە پاشتر
بە ناو خەونەکەی تۆدا ڕەت دەبێت
لە حەوشەی ماڵ
سێو لە درەخت دەکاتەوە.

**(*) شاپوور بونیاد، شاعیری ئێرانی لە ساڵی ١٩٤٧ لەشاری شیراز لە دایکبووە و ساڵی ٢٠٠٠ هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە.**

**سەرچاوە:**
**عصر پنجشنبە، هفتەنامە ادبی – هنری، شمارە (١٧-١٨) اردیبهشت و خرداد ١٣٧٩، ص١٧.**